# سەددام لەگەڵماندا ژیا..!

## کەمال ڕەئوف

مرۆڤ هەرچەندە تاسەر ئێسك لەگەڵ مافی مرۆڤ و دژی یاسای لەسێدارەدانیش بێت , هەرچەندە خاوەن دڵ و دەرونێکی پاك و بێ گەردی وەك ساواش بێت, کەچی گەر بۆتەمەنێکی کورت حوکم و قەسەواوەت و تاڵی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی چەشتببێت, یان ئاگاداری تاوان وهەڵسوکەوتی زاڵمانەی ئەم پیاوەبووبێت, ناتوانێت بیشارێتەوە کەلەسێدارەدانی سەددام چ تەزوویەکی خۆشی بەلەشیدا دەهێنێت . سەددام ئەوپیاوەی کە بۆزیاتر لەچارەکە سەدەیەك بەبێ ڕەزامەندی خۆمان هەمیشە لەگەڵمانابوو , لەنێو پۆلی قوتابخانەی سەتایی , لەبەرگی کتێبەکان , لەهەواڵەکان و لەسەرشاشەی تەلەفزوێن , لەبازگەو لەدائیرەکان , چایخانەو یانەکان, لەسەرجادەو شوێنەگشتیەکان , تەنانەت لەناو گیرفان و بەرباخەڵێشماندا هەمیشە بوونی ئامادەبوو, سەددام هەرچەندە تەمەنێکی درێژ لەنزیکەوە لەگەڵماندا ژیا , بەڵام پێکەوە بوونێك نەك هەر ژینی لێ تاڵ کردبووین تەنانەت خەونیشی لێزەوت کردبووین, ئەو پتر لەچارەکە سەدەیەك لەسەر شانۆی دەسەڵاتی ملهوڕی کارئەکتەری تێکدان و ئاڵۆزکردنی ژیان و تەنانەت باری دەرونیشمان بوو, هەربۆیە بەدرێژایی ئەوتەمەنە هەرچەندە ئەو دەریایەك گوتارو ئامۆژگاری بۆمان هەبوو, بەڵام تا دواهەناسەی نە ئێمە بەدڵ گوێمان لەوگرت و نەئەویش ئەرزشێکی بۆ بوونی ئێمەدانا, بوونی ئەو بۆئێمە بوونێکی سەپاو فێزەون بوو هەروەها بوونی ئێمەش بۆ ئەوجێگەی نیگەرانی بوو بۆیە دەیویست بەنەمانی ئێمە چاری نیگەرانیەکانی دەرونی خۆیی بکات.

ئەمرۆ بەدەر لەوەی کەئێمە لەسایەی دەسەڵاتی ئەوداخاوەن قوربانیەکی گەلەك زۆرین و بەشوێن تۆڵە سەندەوەی قوربانیەکانمانەوە بین لە لاشەی سەددام , بۆئەوەی کە ئێمە هەموو خوێندنەوەکانمان لەنێو ئەوبازنە داخراوە قەتیس نەکەین کە تەمنێکی تاڵ وخوێناوی لەگەڵ سەددام و لەژێر چەتری دەسەڵاتە ڕەشەکیدا ژیاین , بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لەبارگاوی بوونی هەر هەڵچوون و دەمارگیری و شاگەشکەو تەزوویەکی خۆشی کە بەنەمانی ئەو دیکتاتۆرە بەبیروگیانماندا گوزەردەکات, بەدەر لەهەموو ئەوانە, دەبێت هەڵوێستەیەك بکەین و بڕوانییە ئەودادگاو سیناریۆییەی کە ئەمریکاو حکومەتی عێراقی بۆ لەسێدارەدانی سەددام گرتیانەبەر.

سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش و سەرۆك وەزیرانی عێراقی مالکی, بۆداپۆشینی بارگرژی عێراق وئەو کارەساتەی کەهەر ئێستا لەعێراقدا لەسەر دەستی ئەوان هەیە, وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لەسەرنەکەوتنیان لەگفتوگۆکانی خۆیان بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی و شکستی گفتوگۆ نهێنیەکانی ئەمریکاو بەعسیەکان لە ئوردن, بەشێوەیەکی خێراو بەبێ ئەوەی کە تەواوی جەلسەکانی دادگا لەسەر کێشەکانی تری وەك جینۆسایدو بەکارهێنانی چەکی کیمیائی لەدژی کوردەکان بە ئاکامی خۆیان بگەن و دادوەر بڕیاری کۆتایی لەسەریان بدات , سەددامیان ڕاپێچی بەردەم پەتی سێدارەکردو لەچەند ڕۆژێکی کەمدا و لەوەختێکی نادروستدا لەسێدارەیان دا, مالکی دەیەوێت لەسۆنگەی ئیحساساتی خەڵکی لە دژی سەددام و بەلێدانی وەتەری عاتیفەی خاوەن قوربانیەکانی دەستی ڕژێمی بەعس وامامەڵەلەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات کەخەڵك دژی جستەی سەددام بوون نەك دەسەڵاتی ملهوڕی و ئایدیاو ڕۆحی دژە مرۆیی و ناعەدالەتیەك کە سەددام دەسەڵاتەکەی لەسەر هەڵپێکابوو بۆیە بەدوایی پەلکێش کردنی ئەو هەموو شاهید و جەلسەو موسەلسەلەی دادگایکردنەدا , بەدوای نیشاندانی ئەوهەموو بەلگەنامەو دیکۆمینتانەدا چاوەڕیی ئەوەی نەکرد تا دادوەرەکان لێکۆڵینەوەی تەواوی خۆیان لەسەر تەواوی دانیشتنەکان بکەن و ڕێزی ئەوەی نەگرت کەخەڵك بەدرێژایی ئەوماوەیە چاوەڕێی ئاکامی تەواوی دادگا دەکەن و بەدەر لەوە لەدژی سەددام وەك کێشەیەکی شەخسی هەڵوێستی وەرگرت , ئەمریکاش بە لەناوبردنی تۆپزی سەددام دەیەوێت رەئی گشتی ناوخۆ لەسەر ئاکامی ڕووداوەکانی ناو عێراق بگۆڕێت و پەردەپۆشی شکستی سیاسەتەکانی لەناوچەکە بکات و ئەودەریا

نهێنیه بشارێتەوه کەپێشتر لەنێوان ئەمریکاییەکان و دەسەلاتی سەددامدا هەیانبووه, بۆیه گلۆپی سەوزی بۆمالکی داگیرسان تاکارەکەی خۆیی بەشێوەیەکی بروسکه ئاسا ئەنجام بدات و هەموو نهێنیەکان لەگەڵ سەددامدا بخاته چاڵەوه.

مالکی چونکه پیاوێکی حیزبی ومەزهەبیه, بوعدی تێڕوانیینەکانی کورت و کوێرن و خاوەن ئایدیایەکی ڕۆشن و گەش نییه, ڕەنگه ئەو لەسێدارەدانی سەددام بەو شێوازەی که ڕوویدا بەدەستکەوت بۆ خۆیی و حیزب و مەزهەبەکەی ببینێتەوەو بەتۆڵه سەندنەوەیەکی گونجاوی بزانێت بۆ قوربانییەکانی دوجەیل که سەربه مەزهەب و حیزبەکەی ئەوبوون , ئەمریکاش ڕەنگه چیتر واز لەگەمەی مشك و پشیله لەگەڵ بەعسیەکان بهێنێت و بیەوێت بەشێوازێکی توندترو خوێناوی تر لەگەڵ ڕووداوەکاندا مامەڵه بکات و بیەوێت بەم شێوازه تازەییەی کەناوی ناوه ستراتیژیەتی تازه دەسەلاتێکی دەستکراوه وئەسکەرتاریەتی وەك سەددام لەعێراقدا بهێنێتەوه ئارا.

میدیاکانی جیهان لەگەڵ بلاوبوونەوەی هەواڵی لەسێدارەدانەکەی سەدام هیچیان نەیان توانی چاو لەوهەمووتاوانانه بپۆشن که سەددام و دارو دەستەکەی له چەند ساڵی ڕابردوودا دەرهەق به خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوه, کەچی دادگایی کردنی سەددام لەسەر کێشەی خەڵکی کورد بێ ئاکام مایەوه, هەڵەی سەرکردایەتی کوردلەمەڕ دادگایکردنی سەددام و دارو دەستەکەی لەوێوه دەستی پێکرد که ئەوان هەرلەسەرەتاوه نەبوونه ئەو دەنگەو نەچوونه پاڵ ئەوهەولانەی که دەیویست سەددام لەدادگاییەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێت, ئەوانیش وەك مالکی هەرچاوەڕێی ئەوەبوون که تۆڵه له جەستەی سەددام بکرێتەوه , دەنا چ مانایەکی هەیه سەرۆك کۆمار کوردبێت و بەو هەموو وەزیرو کاربەدەستانەوه که لەبەغدادن کورد ئاگای له سێدارەدانی سەددام نەبێت! جا ئەگەر کورد پرسی پێنەکراوەو ئاگادارنەبوون واچاکتره چیتر لەبەغداد دانەنیشن و بێنەوه ماڵی خۆیان, وەئەگەر ڕازیش بوون و ئاگادارن و ئیتر دوایی سەددام چ پێویستی بەو ڕوونکردنەوەهەیه کەسەرکردایەتی کورد دوایی سەدام داوای درێژبوونەوەی دادگایکردنەکه دەکەن, چونکه بۆ هەموو لایەك ئاشکرایه کەسەددام نەما ئیتر دادگای کردنی چ مانایەکی دەمێنێت, هەر بۆیه لەئاکامدا هەرچەنده بەرووکەش بزربوون و فەوتانی دیکتاتۆرێکی وەك سەددام گەلەك جێگەی خۆشخەیاڵی و شادییه, بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نیشاندنی هەنگاوێکی لەم شێوەیەی مالکی و سیاستی سەرکردایەتی کوردی جێگای نیگەرانیه و شوێنی پرسیارن, چونکه ئەگەر سەددام و دارودەستەکەی بەرپرسی یەکەمی خوێنی قوربانیەکان بن, ئەوامالکی و سەرکردایەتی کوردیش بەبزرکردنی کێشەکه بەرپرسی لەدەستدانی مافی قوربانیەکانمانن .